# زیانە ئابورییەکانی قەتەر لە ئەنجامی قەیرانی دابڕاندنی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو




ئیبراهیم ئەلغیتانی


FOCUS

پێدەچێت ئابوری قەتەری بکەوێتە بەردەم فشاری گەورە دوا بەدوای بڕینی پەیوەندییە دبلۆماسیەکانی دۆحە لەگەڵ شەش وڵاتی عەرەبی‌و کەنداو لەوانەش: میسرو سعودیەو ئیمارات. بەهۆی پشتیوانی کردنی دۆحە لە تیرۆر. هاوکات لەگەڵ ڕێکارەکانی پێشوو، هەر شەش دەوڵەت لە5ی یۆنیۆی 2107 هەنگاوی کردەییان گرتەبەرو هەموو مامەڵەیەکی بازرگانی‌و وەبەرهێنانیان لەگەڵ قەتەر هەڵپەسارد. سەرجەم دەرچە ئاسمانی و زەمینی و دەریایەکانیان بەسەر قەتەر داخست. هەروەها هاوڵاتیانی خۆیان ئاگادارکردەوە بە بەجێ هێشتنی خاکی قەتەرو کۆمپانیا فرۆکەوانەکانی کەنداوو میسریش سەرجەم گەشتەکانیان بۆ قەتەر هەڵپەرسارد.

دیارە گرتنەبەری ئەو هەنگاوانە پشێویەکی دووردرێـژ لەمامەڵەی ئابوری‌و بازرگانی لەبازاڕی قەتەری بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەو پێیەی قەتەر بە شێوەیەکی نیمچە تەواو پشت بە وڵاتانی کەنداو دەبەستێت لە دەستبەرکردنی مـاددە خۆراکیەکان و کەرستەی بیناسازی. جگە لەوەش ئەو وڵاتانە خاکی سەرەکین بۆ فاکتەرەکانی

گواستنەوەی ئاسمانی قەتەری بۆ بازاڕەکانی ئەوروپاو ئەمەریکا. ئەو پشێویانە بە پێی هەڵسەنگاندنەکان ڕەنگە لە کۆتاییدا ببێتە هۆی لەدەستدانی ئاست بەرزیو دڵنیایی بەو وڵاتەو لەدەستدانی متمانەی نێودەوڵەتی بە بازاڕی قەتەری. وەك لێکەوتەی سەرەتایش لەسەر دەرهاویشتەکانی ئەو دابڕینە دیپلۆماسییە، بازاڕی دراوو قەرزی قەتەر پشێویەکی یەکجار زۆری بەخۆیەوە بینی. بەجۆرێك کە زۆربەی پشکەکانی قەتەر پاشەکشەی کردووە و ژمارەیەکی زۆریش تا ئاستێکی زۆر دابەزین. لەکاتێکدا بۆرسەش کاری ئاڵوگۆڕی لەرۆژی بڕیاری دابڕینەکە وەستاندو بە ڕێژەی 7.2% پاشەکشەی کرد. کەچی لەهەمان کاتدا گرێبەستی ئاڵوگۆڕکردنی مەترسیەکانی دڵنیابونی قەتەری بۆ پێنج ساڵا بۆ دوو خاڵی سەرەکی بەرزبۆوە کە لەبنچینەدا 61 خاڵە. بەمەش بەرزترین ئاستی تۆمارکرد لەسەرەتای 2017دا.

## کاریگەری درێژخایەن:

بە پێچەوانەی ئەو کاریگەریە خێرایەی پێشووی دابڕینەکە، بێگومان بەردەوامبونیشی گورزێکی کوشندە بەئابوری و بازرگانی قەتەری دەکەوێت لە داهاتودا، کە دەکرێت بەم شێوەیە شرۆڤە بکرێت:

ـ بەرزبونەوەی نرخەکان لە بازاڕی قەتەری. هەرچەندە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان قەتەرو وڵاتانی کەنداو تەنیا بەرێژەی 7.5% تێپەڕ ناکات بە بەراورد لەگەڵ قەبارەی بازرگانیکردنی قەتەری لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، بەڵام قەتەر بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەسعودیەو ئیمارات دەبەستێ لەدەستبەرکردنی سەرچاوە خۆراکییەکانی. ئەم دوو وڵاتە 309 ملیۆن دۆلاریان لەبەهای هاوردەکانی سەرچاوە خۆراکیەکان بە بەهای 10.5 ملیار لەساڵی 2105 پێشکەشی قەتەر کردووە. پاشان دەبێت قەتەر بەدوای بازاڕی تردا بگەڕێت بۆ دابین کردنی خۆراك، کە ڕەنگە تێچویەکی زیاتری بوێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوە لەئاستی گشتی نرخەکان لەماوەی داهاتودا.

ـ لەدەستدانی کەمەندکێش کردنی گەشتیاران: بێگومان بەئاسان نەگەیشتنی هێڵی ئاسمانی قەتەری ـ کە بەدەرچەیەکی ئابوری سەرەکی دادەنرێت بۆ قەتەر ـ بەبواری ئاسمانی کەنداو، هەڕەشە لەسەر کاروباری کۆمپانیاکان دروست دەکات، چونکە ناچارن ڕێڕەوی خۆیان بۆ وڵاتانی تر بگۆڕن (وەك سۆماڵاو ئێران لەئێستادا). ئەمەش وا دەکات هەر گەشتێك بۆ ئەوروپا کاتی زیاتری پێویست بێت. بۆ نمونە: لەنێوان 8 ـ 9 کاتژمێر لەبری شەش کاتژمێر. کەرتی گەشتیاری قەتەریش یەکێکە لەزەرەرمەندانی سەرەکی ئەو قەیرانە. چونکە بازاڕی گەشتیاری قەتەری یەکێك لەگرنگترین میوانەکانی لەدەست دەدات کە گەشتیارانی کەنداون. ئەو گەشتیارانە لە 48.2% کۆی ژمارەی گەشتیارانن لەقەتەر، کە دەکاتە نزیکەی 2.9 ملیۆن کەس بەپێی ئامارەکانی ساڵی 2016.

ـ کەمبوونەوەی هەلی وەبەرهێنان: ڕەنگە دامەزراوە قەتەریەکانی سەر بەدەوڵەت، ئەو هەلانە لەدەست بدەن کە پێشتر بۆیان دەرخسا لەچوونە ناو بازاڕەکانی وەبەرهێنان لەبازاڕەکانی کەنداودا. هەروەها ڕەنگە کۆکپانیا قەتەریە گەورەکانی وەك بانکی نیشتمانی قەتەرو هێڵی ئاسمانی قەتەری، نەتوانن جارێکی تر بە ئاسانی هەلی فراوانبوونی کارەکیان بۆ بڕەخسێت کە پێشتر حکومەتەکانی تری کەنداو لە ساڵانی ڕابردودا پێیان بەخشیون. بەڵکو ڕەنگە هەر هیچ هەڵێکیان بۆ نەمێنێتەوە لە بازاڕەکانی کەنداو. چونکە ڕاستەوخۆ دوای قەیرانەکە دەستەی گشتی فرۆکەوانی مەدەنی سعودی مۆڵەتی لە هێڵی ئاسمانی قەتەری وەرگرتەوە.

ـ زیادبوونی باجی قەرزەکان: بەهۆی ئەو دڵە ڕاوکێیەی لە نێوان قەتەر و وڵاتە دراوسێکانیدا هەیە لە کاتی ئێستادا، ڕەنگە دۆخێك لە ناسەقامگیری لەئابوری قەتەری زیاتر دروست ببێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی باجی قەرزدان. کە هاوکاتە لەگەڵ بەرزبونەوەی قەرزە دەرەکیەکانی قەتری بەنزیکەی 150% لەکۆی گشتی ناوخۆیی لەساڵی 2016 دا بە بەراورد بەنزیکەی 111% لەساڵی 2105دا. ئەمەش یەکێك بوو لەو هۆکارانەی وای لەئاژانسی پۆلێن کردنی دڵنیایی (مۆدیز) کر لەکۆتاییەکانی مایۆی ڕابردوو پۆلێنی سەرووەری قەتەری لە (Aa2) بۆ (Aa3) دابەزێنێت.

ـ زیان گەیشتن بە هەناردەوکردنی غاز: هەرچەندە قەیرانی ئێستای قەتەر نابێتە هۆی لەکارکەوتنی هەناردەکردنی غازی شلی سروشتی بۆ کڕیارە سەرەکییەکانی قەتەر لە ئاسیاو وڵاتانی تری جیهان، چونکە لە ڕووی بنەماوە تا ئێستاش قەتەر دەتوانێت لەڕێگەی ئاوە تایبەتەکەی خۆیەوە غازی شل هەناردە بکات، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەڵکشانی ئەو قەیرانە دەبێتە هۆی چەق بەستنی درێژ دەری هەناردەی ئەو غازە بۆ کڕیارەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو. ئەمەش زیانێکی ئابوری گەورە بە قەتەر دەگەیەنێت، کە وەك سەرچاوەیەکی متمانە پێکراوە بۆ ئەو وزەیە سەیر کراوە.

لە کۆتاییدا: دەتوانین بڵێن کە ئێستا ئابوری قەتەری لەبەردەم چوونە ناو قۆناغێکی نوێیە لە فشارە ئابوریەکان، کە ڕەنگە لە ماوەی داهاتوودا زیاتریش بن، ئەگەر نەتوانێت کێشە ئیقلیمیەکانی چارەسەر بکات.

## سەرچاوە:

گۆڤاری سیاسەتی نێودەوڵەتی
www. Siyassa. Org/ news content